سلەمانی.. داخستنی هەردوو ڕێگای ئەزمەڵە و گەیژە

ئەمە شەممە،ها توچەی سلەمانی رایگەیاند، هەردوو ڕێگای ئەزمەڵە و گەیژە بەهۆی بەفرەوە داخراوە و داواکارین شۆفێران بەکارینەهێنن.

بەرەوبەرایەتی ها توچەی پارێزگای سلەمانی رایگەیاند، ئاگاداری سەرجەم شۆفێران دەکەن بەهۆی بارینی بەفر و بوونی بایەکی بەهێز ڕێگاکانی چوونەسەر هەردوو چیای گەیژە و ئەزمەڵە بەستویەتی و شۆختە درووست بووە، بەیە هەموو ڕێگاکانی چوونەسەر چیای گەیژە و ئەزمەڵە بەربەستکراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، "داوا لەشۆفێران دەکەین روو لەوناوچانە نەکەن چونکە ڕێگە بە هیچ جۆرە ئۆتۆمبێلێک نادرێت ئەو ڕێگایانە بەکاربهێنێت".

وتیشی، "داواش لە شۆفێران دەکەین بە کاری زۆر پەویست نەبێت ڕێگاکانی ناوچە شاخاویەکان بەکارنەهێنن چونکە لەزەربەی ناوچەکان بەفر باریوەو ئاستەنگی ها توچە دروست بووە".